# له ئیرۆتیکای مایۆ ((String))ەکەی "کەفیّ" ((ART))ەوە، خوێندنەوەیەك: بۆ "حزور"ی "سوختە"ی "لەم حوجرەدا"



نووسینی: هەندرێن
handren_m@hotmail.com

نزیکەی دوو، یان سێ کاتژمێر دەبوو لە سەفەر گەڕابوومەوە، بە ڕێگەی پێلی هەواییەوە، لە بەرایڕا هەڤاڵەکەم، بە هەستێکی "موسەللەج"و خەمۆکانەوە، بە "چاك‌و چۆنی" وەرامی دامەوە. "ڤێجا" بە زمانێکی مەیلەو ناڕازی، هەواڵی ئەو "وەعز"ە، یان بە دەربڕینێکی وردتر بێژم، ئەو "فتوا"یەی بۆ باسکردم، کە "فەقێیەکی نیوەچڵ"ی نەدیتی‌و نەناس، بە نازناوی "مەهدی حوسێن"، لە دوا لاپەڕەی "لەم حوجرەدا"ی ڕۆژنامەی "پەیام" "بڵاوکراوەتەوە". دوا جاریش، هەڤاڵەکەم بە موختەسەری "کاکڵی" ئەم "فتوا"یەی، بە خوێندنەوەی چەند "سەترێك" بۆ "عەرز" کردم.

ئەزیش بە بزەیەکی مەیلەو "موسەللەج"ەوە، گوتم یاڵڵا خێر، بەم "ڕەمەزان"ە ئەو "سوختە"یە، لە جیاتی "دوعاو تەقوا"و "ڕەحیم‌و کەریم"ی، لۆ ڕووی لە قەتل‌و عامی من کردووە؟ باشە، ئەم "ڕۆژنامەیە"، کەی قووت بۆتەوەو، کێڕاش "حوجرە"و "سوختە"ی بەرهەمهێنا، تا خەڵکان "ڕەجم" بکا؟

هەڤاڵەکەم وتی "مردوو مرێ، تۆ زاکیرەت بۆ وا زەعیفە، ئەی بۆم باس نەکردی، کە ماوەیێ لەمەوبەر، برادەرێ وتی: (کۆمەڵی کوڕی باشی سلێمانی، ڕۆژنامەیێ بە ناوی "پەیام" دەردەکەن".

– هەرێ هەرێ..!

بەهەرحاڵ. بەڵام ... هەڤاڵەکەم، لەبری بەرسڤدان، وتی: (باشترە بەیانی یەکتر ببینین، بۆئەوەی هەم لەسەر ئەم بابەتە بەردەوام بین‌و هەمیش لەگەڵ ئەم دوا ژمارەیە، ژمارەی پێشووی "پەیام"ت بۆ بێنم.).

منیش، پاش ماڵئاوایی کردن، تەلەفۆنەکەم لەسەر دەم دانایەوە.

***

www.kurdistannet.org 13-3-2003

پاش کورتیله پیاسەیەك، بە نێو شەقامە تەنگە خۆڵگرتووەکانی "بیوورن"ی "موسەللەجەکان"ی شاری "ستۆکهوڵم"، گەیشتمە بەردەرگای قاوەخانەی "ئا..". لە دوای هاتنە خوارەوەی دوانزە پلیکان، بە دیمانەی هەڤاڵەکەم گەیشتم. دیسان دواکەوتی! بە خوا دەبێ تۆ بڕۆی "لەم حوجرەدا"، دەرس بخوێنی، تا کاتو ساتەکانی خۆت ئەزبەر بکەی. هەڤاڵەکەم، بەدەم بزەو کتێب داخستنەوە، وتی: منیش گۆتم: ڕاستدەکەی. لێ، دە تۆ ناوو ئەدرێسی ئەم "فەقێ"یەم بۆ پەیدا بکە، تا منیش "عەرزو حاڵ"ەکەم حازر بکەم.

هەڤاڵەکەم، جگەرەیەکی دانەگیرساوی بە لێوەوە بوو. قاقاو پێکەنینی پۆلە کیژەکەی نزیك مێزەکەی ئێمە، دڵو دەروونی خوسگرتووی، "عەفوەن" "موسەللەج"ی منو هەڤاڵەکەمی، نەختێ گەرمو خۆشکردەوە. جار ناجارێ، کە یەکێکیان دەچوون، بۆ قاوە هێنانەوە یان توالێت "ئەدەبخانە"، چاوەکانی هەڤاڵەکەم، بە باڵەفڕێو تامەزرۆئاساوە دەکەوتنە دوای سمتی "کەفەڵی" سفو لووسیان، کە لەمدیو پانتۆڵە ڕەشو "شەفاف"ەکانیانەوە بەدەم لەنجەوە "بەرق"یان دەهاوێژا، هەڵمی ئاڵو واڵی چڕی سێکسو تامو بۆیەکی سرکی مێیانە، زەنگۆڵ، زەنگۆڵ دەپژایە خەیاڵو کەڵکەڵەی مۆر ئاسامانەوە.

هەڤاڵەکەم بە "ئەستەغفیروڵڵا"یەك، نەیهێشت دوا پەیڤ کە بەدەم لە دایك بوونەوە لەسەر لێوم گنگڵی دەدا، ڕزگار بێ. "ڤێجا" وتی: کوڕی خوا، با "ئیشتها"ی خەڵك، نەخاسمە "مابەعدول فەقێ"کان هەڵنەستێ. "ڤێجا" بە پێکەنینەوە، "لەم حوجرەدا" ئەم "فەقەرە"ی خوێندەوە: "ئەگەر تالیب بە ئیستسلامی مەعلوماتی زۆرتری شاعیرولشوعەرا "مەهدی ئەربیلی! (هەندرێن)یت، نەزەرێك..".

"مەهدی حوسێن"، لە دەستپێکی "فتوا"یە "وەعز" ئاساکەیدا، "نەقد"ی "سیاسەتمەدار"و "گەورە گەورەکانی ئەم قەومە بەسیتە" دەکا، کە "لە خزمەتکردنی ئەمیرولئومەراکانیان ناکەون..ڕۆژێك ئەبن بە ئایەتوڵڵاکان..."، بەڵام "غەزەبەکان"ی "مامۆستا"ی "کەواو جبە" لەبەرکردوو، "پاداشتی" ئەم سووكو هەرزانییەی، "ئەحزابەکان"ە کە لە ئەنجامی ئەم شەڕی خۆخۆریەو خۆفرۆشتنەیانەدا بە دوژمنانی کورد، "نیڤسکارو ڕۆشنفیکر"ی کەللە "فەقێ" ئاساو دەروون گرێکوێرەی لە "میسالی" "مەهدی حوسێنی"ان "ئینتاج کردووە.

ئاخۆ، دەبێ بۆ "حوسێنی مەهدی" شتێکی تازە بێ، گەر باسی ئەو دووبەرەکێو ، رقو کینێیانەی، کە ئەو "ئایەتوڵڵاو ئەتاتۆرکانو.."و پاشان ئەمو "سیاسەتمەدار گەورە گەورانەی.."بکەم، کە لە نێوان شارو شارۆچکەکان گرووپو کۆمەڵی کوردیان دروستکردووە؟ "فیعلەن" برای "سوختە" لە "ئەفراندن"ی کۆنەکا بە باکردن، زائیدولعەقلە".

ڤێجا "سوختە"مان، گوایە دەیەوێ خۆی بە قۆشمەچی پیشانبدا، من بە "مەهدی ئەربیلی" ناوزەد دەکا، بە ڕێگەی منەوە، وەك هەر کەللە شەقێکی ئاسایی، شاری "ئەربیل"یش بەر "بەرقی تۆنترقە"کانی دەدات، ئافەریم! "سوختە"ی ئاوقات، ئافەریم! هەڤاڵەکەم، بە بزەیەکی ترەوە، وتی: "بۆ ئەمە ((سوختە))یە، یان ((فەقێ))؟".

دەڵێم، گەر "تەلەبەیەکی فەقێ" بێ، یان "مەلاو ئوستاز"ی "جامع"، بەڵام دەبێ خاوەن مێشکێکی نەخۆشی بێ. (من ڕێزم بۆ "فەقێ"ی بە ڕاستی هەیە)، نەك بۆ "فەقێ"ی نیوەچڵ. داوێنگیر بوون لەگەڵ "فەقێ"ی "نیوەچڵ"، "نووسەری نیوەچڵ"، "سیاسەتمەداری نیوەچڵ"و "وانێکی نیوەچڵ..". بە بیچمی خۆ بە زۆرزانو "شەریف"، ڕەنگە یەکێك بێ، لەو هەڵوێستە بێ مانایانەی، کە مرۆ، بێئاگا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لەوەش ناخۆشتر نییە کە "فەقێ"ییەکی نەخۆش "وەعز"ت بۆ بدات. کاك "حوسێن" "فەقێ"یەکی نیوەچڵە، دەنا هەندێك بوێر دەبوو، بە ناوی "ڕاستی" خۆیەوە بە زمانێکی ڕۆشنبیریی لەپێناو دیالۆگدا ڕەخنەکانی ئاراستە دەکرد، نەك بەم زمانە "فشە گاڵتە"یە. ئەوکات منیش ناچار دەبووم، "مونازەرە"و "ئەعمالەکان"ی بخوێنمەوە. لێ ئەو تەرحە "وەعز"ە کوتك وەشێنە کلۆڵە ناچارمان دەکا، "لەم حوجرەدا" نەخۆشێکی بە سازمان ببینین، کە بەدەست کلۆڵیەکەیەوە تلدەخوات، کەچی گوڕاح خۆشانە خۆی هەڵتەکێنێ، بۆئەوەی گوێی لە هاواری دەروونە نەخۆشەکەی نەبێ.

هەڵبەت ناوی "ڕاستی": پلەی شەهادە بەلای منەوە گرنگ نییە. "ئیما" دەمەوێ بزانم ئەم "عەبدە" "صاحێبی چەند ئەعمالی جەدیرەتولزیکرە لە ئەدەبیاتی موعاصیری کوردیو ئەدەبیاتی (ماقبلو فەقێ)یەتی دنیەویدا...". ئاخۆ دەبێ

www.kurdistannet.org 13-3-2003

لەمەڕ "مەنفا"و "ناوەوە"، ئەم "قسەکانت"نووسینە میتۆدی نییە بێ لە دیالۆگدا؟ دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتانەی کە مێژووی ئێمە بەرهەمیان دێنێ، سەرەنجامی سادەکردنەوەی پرسیارگەلێکی گرنگ‌و کلۆڵی یادەوەریی ئێمەیە. بەهەمە حاڵ.

لە یادمە، کە منداڵ بووم ئەو کاتانەی کە مێوانمان دەهات، باوکم‌و برا گەورەکانم، نەیاندەهێشت لە "دیوەخان"ی مێوان دابنیشم، چونکە بە تەمەن منداڵ بووم. ئەوکاتیش، وەك ئێستا، ئەو داب‌و نەریتەم زۆر پێناخۆش بوو. لێ نەمدەزانی هۆی چییە هەنووکە دەزانم ئەم داب‌و نەریتە ستەمگەرە، "ئینتاج"ی کۆمەڵگایەکی باوکسالاریو شەرمنۆکە.

"ماقەبولفەقێ" وا دەزانێ کە دونیا بە قەد "حوجرە"کەیەتی. بۆیە دەبێ ئەو زاتە "گەورە"، مافی بڕیاردانی قسەکردن‌و نەکردنن یان بۆ هاتنە ژوورەوەی ئەم "حوجرە"یە بدات. "ئەمما" قسەکردن بۆئەوەی کە "چل جوزئی" یان خەتم نەکردبێ، لەنك "میاو ماعقولان"، وەك عەورەت هەڵماڵین وایە. دڵە پڕ لە "غەزەب"ی گوندانەو عەقلی "مەسەل‌و حیکمەت"ی ئەم "حوجرە"وانە، وەکو "عەکسی قەمەر" وایە. من بە وردی، بەپێی توانا لە وتاری: "نیشانەکانی وابەستەبوون‌و..."، کە لە ژمارەی "5"ی "رەهەند" بلاّودەبێتەوە، باسی ئەم پێکهاتەم کردووە کە بەرهەمهێنەری ئەم میکانیزمە "جەڵەبی"یە. هیوادارم "بوغزاندن"ەکانی "مەهدی حوسێن" بەرانبەر "مەهدی ئەربیلی" سووك بکاتەوە. لەبەرئەو، بەپێویستی نازانم چیتر دڵی کاکی "سوختە"و دڵخوازەکانی پەستر بکەم، نەخۆ مگێزی کوردەوارییان شێلو بێت.

***

"ڤێجا" هەڤاڵەکەم بە زمانێکی "فەقێ"یانە، "فەقەرە"یەکی تری "قەوسولقەزەح"ی بۆ خوێندمەوە: ((تەصریحات‌و بەیاناتی برا رۆشنفیکرەکانی "شیمالی وەتەنولحەبیب"و... خەتیبە مونەوەرو مە "مابەعدولحەداسەکان"...)). "ئەعوزوبیلا"، (کەر لە کێ کەوتیەو کوندە لە کێ دڕایە). من ویستوومە لە رۆژنامەی "داگنێس نیوهێتەر"دا وەك هەر کەسێکی تر، کە مافی خۆیەتی بۆچوونی خۆی ئازادانە رابگەیەنێ، ئەو وێنە لاوازو کلۆڵکراوەی، کە "نڤیسکارەکان"ی کوردستانی تورکیا، (عەفوەن)، کوردستانی "شیمال"، بە کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەم "وەتەنە موسەللەجە"یان بەخشیووە، جێلەق بکەم، گوایە: ((کورد بۆ یەکەمجار دەتوانێ بە ئازادی کتێب بە کوردی بنووسێ‌و سوێد پایتەختی رۆشنبیری کوردییە.. تاد.)) هەڵبەت، بەلای زۆرینەی "نڤیسکارو رۆشنفیکرەکان"ی کوردستانی عێراق، ئەمە وێنەیەکی ناڕەوایە.

دواجاریش ئەم وێنەیە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەگەر سوێد نەدەبوو، ئەوە کوردی بەسەزمان، بێ کولتوور دەمایەوە. "ئەز قەزا" جەنابی "سوختە"مان "بێ تەرەدود" "موعاریزە"، لەم تەرزە تێگەیشتنە. چونکی لە "وەعزەکان"یڕا دیارە کە "موفەرکیرێکی" زۆر "مونافیسە".

"ڤێجا" من ویستوومە، بەم "چەند سەترە نوتق پێدراوەم"، لەبری ئەمە وێنەیەکی تر بە مێژووی "سەروسەکوتی ئەو نیتاجە سەقافیانە، کە کوردەکە لە دێرزەمانەوە بە ئەدەبیاتی موبارەك‌و... خۆی ئەزانێ""، ببەخشم. لێرەدا، دەبێ بڵێم من هەرگیز مەبەستم نەبووە تانەو تەشەر لە نووسەرانی کورد بدەم، بەڵکە بەپێچەوانەوە، بەهۆی خۆشەویستیم بۆ ئەدەب‌و ناسنامەکەم، (شەرقی ئاسا) لە زێدە بەدەر پەسنی ئەدەبی کوردیم لە کوردستانی باشوور داوە. لەوەشدا، مەبەستم ئەوەبوو کە مێدیای ئەم "وەتەنە موسەللەج"ە، لە خاڵی "سفر"ی رۆشنبیرییەوە سەیری کولتووری کوردی نەکا. بەڵکە لە خاڵێکی باڵادا لەگەڵ کولتووری کوردیدا دیالۆگ بکا- دەشزانم خەونە!- هەڵبەت من لەوە بەئاگام کە مێدیای سوێدیش، وەك هەر بەشێك لە سیاسەتی گشتی مێدیای رۆژئاوا هەوڵدەدا کێشەی کورد، وەك کێشەیەکی مرۆڤایەتی بەرتەسك بکاتەوە. بە مەزەندەی من یەکێك لەو هۆیە گرنگانەی کە وایکردووە تائێستاش کێشەی کورد لەم ئاستی "سفر"ەی دیالۆگ قەتیسماو بمێنێتەوە، ئاکامی ئەم تەرزە مینتالیتێتەیە کە "مەهدی حوسەینی"ی "سوختە"مان نوێنەرێکی "موبارەك"یەتی، "خوتبە"دەرو پێش نوێژکەریەتی.

www.kurdistannet.org 13-3-2003

هەروەسا غەزەبەکەی هێندە لە من بە "عومقی ئەردیدا" ڕۆچووە ئەمجارە بەپێچەوانەی "خوتبە"کەی پێشووی کە بە قامچی "وەعزە" "موقەزەزە"کانی "شێرکۆ بێکەس"ی داگرتووە، وەلێ ئەمجارەیان دووڕووانە، هەروەك (نە–با–ی دیبێ و نەباران)، "شیشێك لە خۆی دەدا عارەب لە (کەر)ی نەدابێ". بە گیانێکی داکۆکیکەرانە هەلەکسێ بۆ "شێرکۆ" دەکا.

"ئەز قەزا" لە لاتەرقەوچی تەرجەمەکردنی ئەو رایەی کە من سەبارەت بە "شێرکۆ" بە "داگێنس نیوهێتەر"م گوتبوو، "هەڵفڕینەکەم گاڵ" بوو، لە عەقلی ئەم "بەنیئادەم"ە "موتەحەیور" بووم.

"حوسێن" لە "خوتبە"ی پێشووی "پەیام"دا "تەحلیلو مونازەرە"ی "پرخەپرخی"، "شێرکۆ بێکەس" دەکا. "ئەمما" وەك "دختۆر"، نەك "تەلەبەیەکی حوجرە". هیوادارم لە جاری داهاتوودا، لە "وەعزو خوتبە"ی "حوجرە"کەیدا، "نوشتە"یەك بۆ ئەم "قەومە بەسیتە" حازر بکاو دوای ئەوەش چەندان نوسخە لە "چاپخانەی کۆمەڵەکەی..!" – کە وێدەچێ چاپخانەو کۆمەڵەی هەبێ!– کۆپی بکا. "ئەمما" دەبێ "بەرگەکەی" تەنیا "زەرد" نەبێ، بەڵکە لەبەرخاتری "گیانی گیانان" کەسكو سووریش بێ. بەشکم ئەو "قەومە" دەردو بەڵادارە لە کەلی شەیتان دێنە خوارێو بە "سیاسەتمەدارو گەورە"ی خۆیانیان قبووڵی بکەن. "ئامین یاڕەبولعالەمین".

بەڵێ گەر "فەقێ دختۆر"، بە لنگەوقوچێ ئەم "مەوزوعە"ی نەخوێندبووایەوە، بەپێچەوانەکەی حاڵی دەبوو. من لە وەرامی پرسیارەکەی "حورمە" ڕۆژنامەنووسەکەدا، وتوومە ئەم سوێدی "پایتەختی" ڕۆشنبیرانی کوردان. "شێرکۆ"ی نەکردووە بەم شاعیرە، بەڵکە تواناکانی شیعری وی هەر لە کوردستانەوە ریشاژۆیە– وەلێ لە کام ئاستو، بە چ قیاسێك، شێوەو چۆنیەتی پەیوەندی ڕۆشنبیرییانەی "شێرکۆ بێکەس" لەگەڵ کولتووری سوێد دەناسرێتەوە؟!– دواجاریش دەبێ بڵێم، خودی ڕۆژنامەنووسەکەو، ئەو خوێنەرە سوێدیانەی تریش کە دەیانناسم، بەپێچەوانەی تەئویلە سەقەتەکەی "حوسەین"، لە تەواوی ئەو دەربڕینەی من گەیشتوون.

تەنانەت پاش بڵاوبوونەوەی ئەم "مەوزوعە"ی کە ئەم "عەبد"ەی بە هەیها خستووە، "ئەنەلی یوردال"ی ڕۆژنامەنووس، وتی: "من پێم باش بوو کە تۆ لەگەڵ ئەم دیدارەی بووی. چونکو زۆر لە خوێنەرانو خەڵکی تری سوێدی وادەزانن، کوردان تەنیا لە سوێد، بە کوردی دەنووسن. هەروا وەرامەکانی تۆ کەمێك لەو تێگەیشتنە دەگۆڕێ. لە داهاتوودا بەربڵاوتر لەسەر ئەم باسە گفتوگۆ دەکەین.." بەڵێ، "ئەم چەند نوتقە" هەڵبژاردەی "دوو" سەعات ئەم گفتوگۆیە، لەو ڕۆژنامەیە بێدەنگ نەبووم، لێرە، کە بە پێویستی نازانم باسی بکەم. "ڤێجا" من بەر لە بڵاوبوونەوەو پاش بڵاوبوونەوەکەی ئەم "مەوزوعە"ش بە "یوردال"ی ڕۆژنامەنووسم گوت، کە دەبێ بۆ ئەم پرسیارە لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس" گفتوگۆ بکات. ئاخۆ "سوختە" دەتوانێ وا بیربکاتەوە؟ ئەمەیان لەلایەك، "ئەمما" ئەو "شیمالی وەتەنولحەبیب"ەی کە کاکی "سوختە" "تەرح"ی دەکا بۆ "قەپاندن"و لاسەنگکردنی کوردینی من، بەلامەوە "فشەگاڵتە"یەکی هێندە کۆنو فشۆڵە، بۆیە بە قەد قرانێکی سووتاو وشەی لێ سەرف ناکەمو، خێری لێ ببینێ.

لەمەش بێ نرختر "سوختە"ی "حەسەنات"ی "بەنیئادەم"، "تەجاوز" لەسەر ڕۆشنبیرانی وەك "فۆکۆو دریداو بارت" دەکا. دەبوو ئەم "عەبدە خواگیرە، ناوی ئەم مرۆڤە بەرهەمە نەمرانە بەم تەرحە زمانە لاقوزیە نەهێنێ. شکاندنی کەللە قەندێکی هەرزان لایەقدارتر بوو، لەم خۆ هەتك کردنە.

***

هەڤاڵەکەم، کە بزەکەی لەسەر لێوەکانی ڕەوییەوەو، وتی: "لەم حوجرەدا" تۆ بوویت بە دەروازەیەك، بۆ داپڵۆسینی، ئەو نووسەرە تازانەی کە بەهەدادانەوە، بە میتۆدی پرۆژەکانیان کار دەکەن. کەچی "حەزرەتی" "حوسەین"ی، "سوختە"، بە "فشەگاڵتە"وە، بە "مابەعدولحەداسە"تانەیان لێدەدا.

بەڵێ، من دەزانم کە جەنابی "فەقێی نیوەچڵ"، لە چەقۆوەشاندنو دەگەو بوغزاندنی پشتەملە، تەنیا نییە. دەزانم "موتەفەریج"و دۆستانت زۆرن. دەزانم زۆرن ئەوانەی، کە یەکێك کتێبێکی باش یان هەر چالاکییەکی تری نووسینی

www.kurdistannet.org 13-3-2003

هەبێ. دەروون‌و گیانی "سادیست"و "مازۆخیست"یان [illegible] بە هەڵداوان، لە تەلەفۆن‌و دانیشتنە "مەغبون"ەکانیاندا، دەست دەکەن بە بوختان‌و "یەقدانەوە"ی باوبژەکانیان.

گەر ئەم "سوختە" دڵناسکە لە سوێد دەژێ، بۆ رۆژێ لە رۆژان غیرەت نەیگرتووە، تاوەکو بیروبۆچوونەکانی رووبەڕوو بە من رابگەیەنێ. من دڵنیام ئەو بۆچوونەی، کە لەمەڕ ئەدەبی کوردیم هەیە، رووبەڕووی جەنابی "سوختە"شم کردۆتەوە. گەروانییە، چۆن هێندە لە من رقهەڵگر دەبێ؟ چۆنیش بە "مەهدی ئەربیلی" ناوزەدم دەکا؟ بەلای منەوە، گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتر سەبارەت بە هەر پرسیارێك، کارێکی رەوایە. هاوکات من هەرگیز وانابینم کە هەموو جۆرە بیرو بۆچوونێك: مادام "بەنیئادەم" لە یەکتر جیاوازن، تاکە راستییەکی رەها بن. هەموو تێڕوانینێکیش دەبێ بواری دیالۆگ بۆ "ئەویتر" بهێڵێتەوە. لێ، نەبوونی دیالۆگ، لە پانتایی نووسینی ئێمەدا، مایەی تراژیدیای ئەم جۆرە "حوجرە"و هاودەرەکانیەتی، کە دەمڕاستی نووسین، تەنێ بە خۆیان رەوا دەبینن.

ئەم تەرزە "سوختانە" بەو هەموو تاوانکاری‌و کارەساتە عەقڵ هەڵنەگرتووانەی کە لە بواری سیاسی‌و "قەومی" ئێمە روودەدەن، هەراسان نابن، بەڵام بە چەند "سەترێکی نوتق" پێدراوی من ژان دەیانگرێ‌و دۆشاو تێکەڵاو دەکەن.

"ماقەبولسوختە"کان وەك "فەرەنسۆ حەریری"و "سیاسەتمەدارەکان" لە رەخنەگرتن‌و گفتوگۆی جیاوازدا: جیقڵدانەیان دەگوشرێ‌و بۆ "ئیعلان" کردنی شەڕی خۆکوژی، تەلەفۆن لە دەستی "سەرۆ قادر"ی سەرنووسەری "رامان" رادەفرێنن. ئەم "سوختە"، "ئەنفالەکان"و "داگیرکردنەوەی هەولێر"و جرت‌و فرتی "سیاسەتمەدارەکان"مان لە "بەغدا"و "تاران"و "ئەنقەر" لە فیکر دەکا، "ئەمما" "فاتە تەماتەی سلێمانی لە فیکر ناکا".

لێرەدا، من بە "مەهدی حوسێن"و "موریدو مجێورەکان"ی رادەگەیەنم، گەر لە هەر دەرفەتێك بۆم بلوێ، لە دەربڕینی بیروبۆچوونی ئازادانەی خۆم سڵ ناکەمەوە. هاوکاتیش، من ئامادەم بە رێزەوە لەگەڵ هەر کەسێك سەبارەت بەم بیروبۆچوونانەی کە ئەم "فەقێ نیوەچڵ"ەی هەراسان کردووە، لە باڵاترین پلەی رۆشنبیریدا گفتوگۆی لەسەر بکەم "ئەمما" رووبەڕوو، نەك لە پشتەملە، بە دیالۆگێکی رۆشنبیریی، نەك حەنەحەپەشێ. بەلامەوە چ شتێکیش لە نووسینی "فشەگاڵتەو وەعزی جەڵەبی" بێ پەیامتر نییە. من هیچ کات نەمویستووە خۆم بە ئەڵتەرناتیڤێکی باشتر بزانم، منیش بەشدارم لە هۆکارەکانی ئەم کەم‌و کوڕیانە بەشدارم، کەچی "کەچە" "سوختە"یەکی وەك "مەهدی حوسێن"، خۆی بە "مەهدی مونتەزر" ئەزانێ. تەمەنی بۆمان تولانی بێ، "یارەبولعالەمین".

***

یەکێك لەو پۆلە کیژەی مێزەکەی دەستی چەپمان، هەردوو دەستە گەڵا ئاساکانی لەسەر لێواری مێزەکەمان دانا‌و بەژنی شلکی رووەو هەڤاڵەکەم چەماندەوە. ران‌و پوزە سپییەکەی لە پشت کراس‌و دامێنە درێژ‌و رەشەکەیدا، لەبەردەم تیشکدانەوەی تیشکی گڵۆپەکان، وەك لەشی سنەوبەرێکی خوناو گرتوو، ختۆکەی هەوەسی تاراوگەیی بە گیانم دەبەخشی. بە نەختێ نازەوە بە سوێدی وتی:"داوەتی جگەرەیەکم دەکەی؟" هەڤاڵەکەم جگەرەیەکی دایە دەستی‌و بەدەم شۆخییەوە چەرخەکەشی بۆ لێدا، "عەفوەن" بۆشی داگیرساند، کیژۆڵەکەش رووخساری زیاتر بەرەو دەستی لەرزیوی کێڵکردەوە. "ڤێجا" بە لاسارییەوە، نیگایەکی مەکرئاسای لە من بڕی، دەتگوت دەیزانی سەیری نێوان سمتی‌و "عەفوەن"، "کەفەڵی"و کەمەری هەڵماڵراوو رووتی ئەکەم کە لاستیکی مایۆ شەرابییەکەی، لەبەر دامێنە خزیوەکەی‌و کراسە هەڵکشاوەکەی بەدیار کەوتبوو، دەتگوت رێگای کاکێشانە، لە گزنگێکی سامالدا، هەڤاڵەکەم قومێکی لە قاوەکەداو وتی:"کەچی تۆ سینەت نەدی! دوو دانە مانگی هەنگوینی سرك لەمیان "قەوسولقەزەحی" یەخەکراوەکەیدا لێکئالاّبوون‌و سەرەتاتکێیان لەگەڵمدا دەکرد". "ڤێجا" – خۆ بسمیل کردنیش بەم هەوایە "موسەللەجە" هەر باسی مەکە-.

هێشتا چاوەکانی هەڤاڵەکەم، لەسەر "کەفەڵی" کیژەکەدا مەیی بوو، وتی:"باسی سیاسەت‌و رەخنە، بێ ئیرۆتیکای مێینەی ئەربابی تۆ، سارد‌و رەقە." "ڤێجا" لەمەڕ "خوتبە" "جەڵەبی"یەکەی "ماقەبلولفەقێ"، وتی "ئێمەش پێمان وایە، کە (ئەدەبی کوردی لە "مەنفا" هیچ لەسەر ئەدەبی کوردی زیاد ناکا..)".

www.kurdistannet.org 13-3-2003

وەلێ ئەوەتا چیرۆکنووسی جوامێر ''ئێران حەسەن'' لە گفتوگۆیەکی درێژدا لەگەڵ ''هیوا قادر''دا، کە لە ژمارە ''5''ی ''رەهەند'' بڵاودەکرێتەوە، دەڵێ:''مەنفایان دەرەوە یان هەندەران دەیەها داهێنەری کوشت کە لە ناوەوە دەنگ‌و سەنگیان هەبوو.. هەروا هەمانە سێ زمانی ئەوروپی دەزانێ‌و کەڵکی لێ نەبینیووە، هەمانە بە تەنها عەرەبی دەزانێ، کەچی زانیوویەتی چۆن کەڵك لە سەرچاوەکانی مەعریفەت وەردەگرێ.. بە قەناعەتی من مەیدانی قۆزتنەوەی داهێنانی فیکرو ئەدەب هێشتا لە کوردستانە، چونکە عاشقانی فیکرو ئەدەب هێشتا لەوێن..تاد.''. ''ڤێجا'' لەمەڕ هەمان بابەت، با کاکی ''سوختە'' ''کەرەم بکا'' دیدارەکەی ''رەئوف بێگەرد'' سەحی بکا، کە لە گۆڤاری ئاوێنەی ژمارە ''28–29''ی ساڵی ''1375''ی ئێرانیدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم ''سوختە'' خوانەناسە، فریادڕەسێکی گەرەکە، ''یاربولکائینات''.

***

گریمان وایدابنێین کە من لە داگینس نیوهێتەردا بەرانبەر ئەدەبی کوردی لە ''مەنفا'' غەدار بووم. ''ئەمما'' دەکرێ بە ئاشکرا ئەم پرسیارانە، لە پێشڕا لە ''سوختە''ی دڵ سەغڵەت بوو، ''ڤێجا'' برایانی رامان جیاواز ئاراستە بکەم، ئەویش:

– لە کتێبخانەی سوێددا، چەند کتێب، لەو کتێبە ''فیکری‌و، رەخنەیی‌و، ئەنترۆپۆلۆژی‌و، دەروونناسی‌و، بە شیعریشەوە.. تاد'' کراون بە سوێدی، یان بەپێچەوانەوە، کراون بە کوردی؟

– رێژەی ئەو مێتودو، تێوری‌و، فەلسەفی‌و، فیکرییانەی کە بەرهەمگەلێکی عەقلی ئەوروپان، لە پانتیایی ئەدەبی کوردی لە ''مەنفا''دا، بە بەراوردکردن لەگەڵ ''ناوەوە''، سوود لێ وەرگرتن‌و کوردانندنیان، لە کام ئاستدایە؟

– ئەو بەرهەمگەلە تازانە چین، کە ئەدەبی کوردی لە ''مەنفا'' پێشکەشی ئەدەبی ''ناوەوە''ی کردوون؟

– لە گۆڤارو کتێبە شێوە ''هەژار''و ناوەڕۆك ''سەرنجڕاکێشەکان''ی ''ناوەوە'' بوو، یان شێوە ''هەمەڕەنگ''و ناوەڕۆك ''ئاسایی''، بە قەولی ''سوختە''یانە ''موسەللەج''ی، ''پایتەخت''ی رۆشنبیری کوردانی ''سوێد'' بوو، کە ئێمە هەوڵگەلێکی باش‌و خراپی، وەك رەحنەی بونیادگەریی، تەفکیکی، نیشانەناسی، دواجاریش جموجۆڵی تازەی شیعرمان خوێندەوە؟

–وێڕای رێزم بۆ ئەوانەی کە لە ''مەنفا''دا کاری باشیان بەرهەمهێناوە.–

– ما گەلۆ کتێبگەلێکی لە نموونەی ''مەلا نەسرەدین''و ''خواردنی کوردی''و ''کڵاوی کوردی''و، نامیلکەو، دەسنووس‌و، نووسینەکانی یەکتر بەرچەقۆدان‌و، رەشەکوژی‌و، بە ''مۆدە''بوونی نووسینی –چەندان بەرگ– ''لە بیرەوەرییەکانم'' لە ناو خوێنەرانی ''مەنفا''دا، بە رەواجترین، کتێب نین؟

– کام لەو ''نڤیسکارو رۆشنفیکر''ە ناودارانەی کوردی، وەك ''ئەدوارد سەعید''ی فەلەستینی توانیویەتی داکۆکی لە مەسەلە ''کلۆڵ''، ''هەڕاج'' ''تالان'' کراوەکەی کورد بکات‌و لە کەناڵەکانی راگەیاندن‌و بە کتێبە وەرگێڕدراوەکانی مۆراڵی سیاسی ئەوروپا، بە سەرکردەکەی فەلەستینیشەوە، کە لە ترسان کتێبەکانی قەدەغە کردووە؟

– ئاخۆ باسکردنی ئەو ''تەقریر'' لێکدان''ە ''ئەمن'' ئاسایانەی یەکتر، لەبەردەم نووسەرانی سوێد، ئەمەش لەلای سوێدییەکان خەسڵەتێکی تایبەتی نووسەرانی کوردییە، ئەو دەگەلێدانە بەدزییانەی لە کتێبی کە ئەو نووسەرانە دەدرێت، کە بۆ فرۆشتن دەیدەن بە ''دەزگای کتێب کڕین''ی سوێد– کتێبەکەی منیش کەوتەبەر ئەو دەگەلێدانە– بوختان کردن‌و ''شیش لێدانە''؟

– پێویست دەکا لەو گێرمەو کێشەیە بدوێم، کە ''کولتوور رۆد''ی سوێد، دوای دەستەپاچە بوونی بەرانبەر ناکۆکییەکانی نێوان گۆڤارو کتێبەکانی کوردی، ناچار بووە ''کۆبوونەوەی تایبەتی'' لەمەڕ ئەم ناکۆکییانە بکا؟ – دەزانم تاکو ''میزاج''ی کوردەواریێتان ''تەشەنوج'' نەکا، حەز دەکەی (دێژە بەدەر خۆنەی بکەم)–؟

– ئەرێ ئەدەبی کوردی لە ''مەنفا''ی ئەم ''وەتەنە موسەللەجە''دا، لە چالاکییەکاندا، لەپێناوی یارمەتی ''کرۆن'' وەرگرتن‌و، چاپکردنی ''چوار تا پێنج'' کتێب لە ''یەك تا دوو'' ساڵدا – بە ''رەش''یش– زیادکردنی ''بلاڤۆك‌و چاپخانۆکە''، لە ''پەنجا''وە بۆ ''شەست'' ناو، بێ ئامێرێکی چاپکردن‌و شوێنیش، بە ''موقایەسە'' لەگەڵ چالاکییەکانی لە پێناو ''عەقل'' وەرگرتن بۆ هەمووان، ''مایەی تەحەیوورو سەربادانێکی جیدی نین؟

هەڤاڵەکەم لە هیکرِا پرسیارەکانی پێ بڕیم، وتی: "رۆژنامەی "پەیام" ئەڵێن، ئێمە لە رێگەی رۆژنامەکەمانەوە، دەمانەوێ دیالۆگی رۆشنبیریو پڕەنسیپی رۆژنامەگەری پەیرەو بکەین. بەپێچەوانەی رۆژنامەکانی تر، بۆ نموونە "هەتاو" رێگە بە نووسینو تانەو تەشەر لە ئەدیبان نادەین..تاد".

وەلێ قووتکردنەوەی "حوجرە"یەك بۆ بابای "سوختە"ی لە تەرحی "مەهدی حوسێن"ی بەم عەقڵە قۆقزو "موتەخلیف"ە، کە "قەپانو میزانی عیلمانی عەورووپی" قەرزار کردۆتەوە، لەپێناو "ئەنفال" کردنی کەسایەتی نووسەران، نەك نووسینی نووسەرانو، "تەمشیەکردنی ئومنیاتو ئەهدافە سیاسییەکانی خۆیان، لەیلو نەهاریان داوەتە دەم یەك"، ئاخۆ لەگەڵ "پرنسیپی رۆژنامەگەریی"و، نەخاسمە، بانگەشەکانی "پەیام" دەسازێن؟

سەرباقی ئەمەش "پەیام" لەبەر خاتری "پڕەنسیپی رۆژنامەگەریی"، قوڕقەپی لە ناوی "هەقیقی" "خەتیب"ی "حوجرە"کەیان دەکەن. بەهەمەحاڵ دەبا، پاش ئەو هەموو ئەزموونە، رێز لەو بانگەشانەی خۆمان بگرین، کە دەیکەین! خۆ بە جیاواز دانانو رێزگرتن لە "پڕەنسیپی رۆژنامەگەریی"، دیالۆگی نووسین، رەتکردنەوەی رەشەکوژیی، لە پراکتیکو پێکهاتەو، کەراکتێری رۆژانەی ژیانو، لە هەڵسو کەوتکردن بەرانبەر "ئەویتر"و، خودی خۆشماندا، هارمۆنیایەکی سەرنجکێش دەبەخشێ، نەك لە بانگەشەکانمان... تاد. بە مۆدەکردنی زارەکی ئەو زاراوەو چەمکە، رەهەندوژیار ئامێزانە لە نێو ئێمەدا، نێوەڕۆكو نرخی ئەو زاراوەو چەمکانەشی، سووكو چروك کردوون.

هەڤاڵەکەم راچڵەکی! لەشو لاری شەهوەت ئامێزی پۆلە کیژەکە، قاچەکانمانیان لەسەر کورسییەکانەوە پەلکیش کرد. لەگەڵ سەرکەوتنی هەر هەنگاوێك بەسەر پلیکانەکانی کەفی "ART"دا نەرمکی "کەفەڵی" سێوە لاسوورە ئاسای کیژەکان بە لەنجەولارێکی سڤك لە تاو دەستە برسییەکانمان هەڵدەبەزینەوە. لێوی مایۆ سترینگەکانیان#، وەك هەڵمی هەناسەو چۆڕاوگەی هەنسکی لەزەت، دەنێو باوەشی شلکی "کەفەڵ"یان خپ دەبوو. کتو پڕ لە کۆڵانە تاریكو خوسگرتوو "موسەللەج"ەکەدا، لە چاوەکانمان گومڕا بوونو، هەنگاوەکانی ئێمەش لە نێوان شەوو پێلەکانی بەفرەکەدا سەرگەردان بوون.. "وەلاکین صەرفولنەزەر لە سوئی ئیستیفادەو نیفاقو کیزبی مەکە"، کول مەن عەلیها فینیش. ان لله وئیلەهی عائیدون.

**1998–1–12**
**کافی "ART"**

---

ئەگەر تالب بە ئیستسلامی مەعلوماتو وەعزو خوتبەی "ماقەبولفەقێ" "مەهدی حوسەین"یت، نەزەرێك لە غەزەتەی دوالا پەرەی "پەیام"ی ژمارە "3-4"و "2"ش بکەو ئەو مەوزوعە سەحی بکەو "ڤێجا" بەم "رەمەزانە" رۆژووەکەت بشکێنە.

# هیڤیدارم وەعزدەری "لەم حوجرەدا" بۆ کورداندنی ئەم پەیڤە تەگبیرێکمان بۆ بکات. مەمنوونین.